


# فیلمە دیارەکانی ساڵی ٢٠١٩ی جیهان لە کوردستان نمایش دەکرێن

بە پێی راپۆرتی لێژنەی راگەیاندنی گشتیی چوارەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمی نێودەوڵەتیی سلێمانی، فیلمە بەرچاو و دیارەکانی ساڵی ٢٠١٩ی جیهان لەوانە براوەی چڵە خورمای زێڕینی باشترین فیلم و براوەی خەڵاتی دەستەی ناوبژیوانی بەشی «جۆرێك روانین»ی بەشدار بوو لە حەفتاودووهەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «کان»ی فەرەنسا نمایش کرا، کە لە بەشی رکابەریی سەرەکیی شەست و نۆهەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «بەرلینالە» لە ئەڵمانیا، کاندیدی باشترین فیلم بووە و لە حەفتاوپێنجەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «ڤێنیز» لە ئیتاڵیا، براوەی خەڵاتەکانی سەرەکیی بیست وپێنجەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی شانگهای چین بووە، فیلمەکان لە بەشی رکابەریی سەرەکیی «سینەمای جیهان» (نێودەوڵەتی ) لە چوارەمین خولی فێستیڤاڵی







**فیلمە بەرچاو و دیارەکانی ساڵی ٢٠١٩ی جیهان لە بەشی رکابەریی سەرەکیی «سینەمای جیهان» لە چوارەمین فێستیڤاڵی فیلمی نێودەوڵەتیی «سلێمانی» چوونە سەر سکرین و، خەڵاتی سنەوبەری زێڕین و زیوینی ئەم فێستیڤاڵەیان بەدەستهێنا.**

**مەنسوور جیهانی**

فیلمی نێودەوڵەتی «سلێمانی» Slemani چوونە سەر سکرین و خەڵاتەکانی سنەوبەری زێڕین و زیوینی ئەم فێستیڤاڵەیان بەدەست هێنا.

ئەندامانی دەستەی ناوبژیوانی لە بەشی رکابەریی سەرەکیی فیلمە سینەماییەکانی «سینەمای جیهان»، بەشدار بووانی چوارەمین خولی فیستیڤاڵی فیلمی نێودەوڵەتی «سلێمانی» بریتی بوون لە «هینز هێرمانس» Heinz Hermanns رێکخەر و بەرپرسی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمCEO و رێکخەر و بەرپرسی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی کورتە فیلمی بەرلین، سەرۆکی دەستەی ناوبژیوان لە وڵاتی ئەڵمانیا، خاتوو (پووران درەخشەندە) سیناریۆنووس و دەرهێنەر و بەرهەمهێنەر لە وڵاتی ئێران، (ئادریان بیلچ) Adrian Belic دەرهێنەر و بەڕێوەبەری وێنەگری فیلم و بەرهەمهێنەر لە وڵاتی ئەمریکا بە پێشینەی یەك جار پاڵێوراویی بۆ ئۆسکار، (یوهانی ئالێنین) -Ju

hani Alanen بەڕێوەبەری جێبەجێکاری فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی «تەمپرە» Tampere لە وڵاتی فینلەندا، خاتوو «زولفیە ئاکولاك» Zulfiye Ak-kulak بەڕێوەبەری فیلم و ڕاگەیاندن و سەرۆکی کۆمپانیای «نوا فیلم» لە بەرلینی وڵاتی ئەڵمانیا.

ئەو فیلمانەی کە لە بەشی ڕکابەریی سەرەکیی «سینەمای جیهان» لە چوارەمین خولی فیستیڤاڵی فیلمی نێودەوڵەتی «سلێمانی» چوونە سەر سکرین، بریتی بوون لە: فیلمی سینەمایی «پارازیت» (PARASITE) لە دەرهێنانی «بۆنگ جوون هۆ» لە وڵاتی کۆریای باشوور کە براوەی خەڵاتی چڵە خورمای زێڕینی باشترین فیلمی حەفتاودووهەمین خولی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی «کان»ی فەڕەنسایە و لە فێستیڤاڵەکانی نێودەوڵەتی فیلمی مۆنیخ لە ئەڵمانیا، سیدنی لە ئۆستراڵیا، ڤانکۆڤێر و تۆرینتۆ لە کەنەدا بەشدار بووە و، براوەی خەڵاتی سنەوبەری زێوینی باشترین دەقی سیناریۆی فیلم لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی سلێمانی بوو. فیلمی سینەمایی چیرۆکی سێ خوشك (A Tale of Three Sisters) لە دەرهێنانی «ئەمین ئالپێر» Emin Alper ئەویش لە وڵاتانی تورکیا، ئەڵمانیا، هۆڵەندا و یۆنان، نمایش کراوە، کە لە بەشی ڕکابەریی سەرکیی شەست ونۆهەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «بەرلینالە» لە ئەڵمانیا، براوەی خەڵاتی باشترین دەرهێنان، ئەکتەری، مۆسیقای فیلم و فیپێرشی لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی ئیستانبول لە تورکیا و براوەی خەڵاتی باشترین دەرهێنان لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی سارایەگۆ لە سربیا، براوەی خەڵاتی سنەوبەری زێڕینی باشترین فیلم بوو، خەڵاتی سنەوبەری زێوینی باشترین ئەکتەری ئافرەتیش بە «جەمیرە ئێبووزیە»بەخشرا. لە فێستیڤاڵی فیلمی نێودەوڵەتیی سلێمانی، فیلمی سینەمایی «قەسری شیرین» (Castle of Dreams) لە دەرهێنانی «ڕەزا میرکەریمی» کە لە ئێران بەخشکرابوو، براوەی خەڵاتی باشترین فیلم، باشترین دەرهێنان بوو کە تێیدا خەڵاتی باشترین ئەکتەری پیاو بە حامید بێهداد لە بەشی کێبڕکێی سەرەکیی بیست وپێنجەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی شانگهای لە چین، خەڵاتی سەرەکیی باشترین دەرهێنان و باشترین فیلم لە ڕوانگەی ڕەخنەگرانی دوازدەهەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمە هونەرییەکانی «باتۆمی»بوو لە وڵاتی جۆرجیا و براوەی خەڵاتی سنەوبەری زێوینی باشترین دەرهێنان بوو.

لە بەشی ڕکابەریی سەرەکیی چەندین بەرهەمی سینەمایی دیکەش نمایش کران، لەوانە: فیلمی سینەمایی ماڵئاوا کوڕەکەم «So Long my Son» لە دەرهێنانی (وانگ ژیائۆشوای) Xiaoshuai Wang لە وڵاتی چین، کە براوەی خەڵاتی باشترین دەرهێنانی پیاو لە بەشی ڕکابەریی سەرەکیی شەست ونۆهەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «بەرلینالە» لە ئەڵمانیا و کاندیدی چەندین بەشی سەرەکیی خەڵاتەکانی ئاسیا، پاسیفیك لە ئۆستراڵیا بوو، فیلمی سینەمایی «شۆفێری ئسکرێیۆ» Screwdriver لە دەرهێنانی «بەسام جەبراوی» Bassam Jarbawi لە فەلەستین، کاندیدی باشرین فیلم لە حەفتاوپێنجەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «ڤێنیز» لە ئیتاڵیا، براوەی خەڵاتی سنەوبەری زێوینی تایبەتی ئەندامانی دەستەی ناوبژیوان لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی سلێمانی، فیلمی سینەمایی «نوێنەر» The Delegation لە دەرهێنانی «بوجار عەلیمانی» Bujar Alimani لە وڵاتی ئەلبانیا براوەی خەڵاتی گەورەی وارشۆ لە پۆڵەندا، براوەی خەڵاتی سنەوبەری زێوینی باشترین ئەکتەری پیاو بۆ «ڤیکتۆر ژوستی» Victor zhusti لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی سلێمانی، فیلمی سینەمایی «بێ دەنگ» The Mute لە دەرهێنانی «بارتۆز کۆنۆپکا» Bartosz Konopka لە وڵاتانی پۆڵەندا و بەلجیکا کە براوەی خەڵاتی سنەوبەری زێوینی باشترین وێنەگرتنی فیلم بۆ «جاسك پۆدگۆرسکی» Jacek Podgorski لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی سلێمانی، فیلمی سینەمایی «ئاگر دەکەوێتەوە» Fire will come لە دەرهێنانی «ئۆلیڤێر لاکس» Oliver Laxe لە وڵاتانی ئیسپانیا، فەرەنسا و لۆگزامبۆرگ، کە براوەی خەڵاتی دەستەی ناوبژیوانی بەشی «جۆرێك ڕوانین» لە حەفتاودووهەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «کان»ی فەرەنسا بووە، فیلمی سینەمایی «ئامینە» Amina لە دەرهێنانی «ئەیمەن زەیدان» Ayman Zeidan لە وڵاتی سووریا براوەی دیپلۆمای شانازیی ئاشتی لە سی‌وحەوتەمین خولی فیستیڤاڵی جیهانیی فەجر لە وڵاتی ئێران و هەروەها فیلمی سینەمایی «خۆییەکان» Insiders لە دەرهێنانی «حوسێن کارابای» Hüseyin Karabey لە وڵاتی تورکیا.


وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەر ـ هەولێر
بەشی هونەرەکانی موزیك

# دووەمین فیستیڤاڵی کوردستان بۆ موزیک و گۆرانی



فەرهەنگ غەفوور

لە چوارچێوەی بەرنامە و چالاکییەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لە رێی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی رۆشنبیری و هونەری هەولێر و بەشەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیمان، ساڵانە و لە ناوەڕاستی وەرزی پاییزدا، فیستیڤاڵی کوردستان بۆ موزیك و گۆرانی ساز دەکەین، بۆ ئەمساڵیش بە بەشداریی پێنج گرووپی موزیك لە شارەکانی باشووری کوردستان (هەولێر، سلێمانی، کەرکوك، دهۆك، هەڵەبجە) هەروەها سێ گرووپی موزیکی پارچەکانی رۆژهەڵات، باکوور، رۆژئاوای کوردستان، واتە هەشت گروپی موزیك بەڕێوە دەچێت.
دووەمین فیستیڤاڵی کوردستان بۆ موزیك و گۆرانی لە هۆڵی رۆشنبیری لە شاری هەولێر لە بەرواری (١٨ی ١١ی ٢٠١٩) ساز دەکرێت و بۆ ماوەی سێ رۆژبەردەوام دەبێت.
ئەم فیستیڤاڵە فیستیڤاڵێکی کوردستانییە و بۆ گرووپە هونەرییەکانی شارەکانی هەر چوار پارچەی کوردستانە، کە ساڵانە بۆ لەیەکترنزیکردنەوە و بەیەك گەیاندنی ناوەندە هونەرییەکانی شارەکانی کوردستان لە هەموو پارچەکانی کوردستان، ساز دەکرێ، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگادار و ئاشنای کار و بەرهەم و داهێنان و چالاکییەکانی یەکدی بین و، بە هونەر و کولتوور گوزارشت لە ناسنامەی کوردبوون و کوردستانیبوونمان بکەین و، هەموومان پێکەوە وێنەیەکی جوان و پێگەیشتوو و پێشکەوتوو لە بواری هونەری و کولتووری و فەرهەنگی پیشانی ناوخۆ و دەوروبەر و دەوەوە بدەین. لەکاتێکدا کە لە چواردەورمان شەڕ و ئاشووب هەیە و دەرگای بە گەلی کوردستانی بێدەوڵەت گرتووە، بەڵام سەرەڕای ئەو بێدەنگییەی دونیای بەناو دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە غەدر و بە چاوپۆشین لە جینۆسایدی داگیرکاران دەرهەق بە ئێمە دەکرێت، گەلەکەمان بۆ سەلماندنی خۆی و وەدەستهێنانی مافەکانی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە ناوچەکەدا بە هەموو شێواز و رێگایەك تێدەکۆشێ و قوربانی دەدا، ئێمەی هونەرمەندانیش شان بە شانی چین و توێژەکانی دیکە، لە رێی هونەر و رۆشنبیرییەوە خەباتی خۆمان دەکەین و داکۆکی لە ماف و بوونمان دەکەین و سیمای جوان و زیندووی کوردستان هەر بە جوانی دەهێڵینەوە.






# کیرا سیخوڕیی بەسەر نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەکات

خانمە ئەستێرەی سینەمایی بەریتانی (کیرا نایتلی) کە یەکێکە لە ئەستێرە دیارەکانی هۆڵیۆد و لە سەرخستنی فیلمەکانیدا ڕۆڵی بەرچاوی هەیە، لە دیمانەیەکیدا لە دوایین فیلمدا باس لە نهێنییەکانی پێش هێرشی هاوپەیمانان لەساڵی ٢٠٠٣ بۆ سەر عێراقدا دەکات.

فیلمەکە بە ناوی (نهێنی فەرمی)یە و تێیدا کیرا نایتلی ڕۆڵی فەرمانبەرێکی حکومەتی بەریتانی دەبینێت، کە بە هۆی ئاشکراکردنی چەند یاداشتێکی نهێنیی حکومەتی ئەمریکا بەر لە شەڕی ساڵی ٢٠٠٣ دژ بە عێراق لە کارەکەی دوور دەخرێتەوە، کیرا ڕۆڵی کاسرین جن دەبینێت، کە وەرگێڕێکی فەرمییە لە ئاژانسی نێودەوڵەتی بۆ سیخوڕی، دوای ئاشکرا کردنی چەند یاداشتێکی ئەمریکی کە تێیدا داوای یارمەتی لە بەریتانیا دەکات، بە ئاشکراکردنی نهێنییە فەرمییەکان بۆ سیخوڕیکردن لەسەر نەتەوەیەکگرتووەکان تۆمەتبار دەکرێت.

نایتلی لە دیمانەیەکی لەگەڵ ئاژانسی ڕۆیتەرز لە بارەی ڕۆڵی خۆی لەو فیلمەدا وتی: «بیرۆکەی جیاواز درووست دەبێت دەربارەی ئەوەی ئایا ئەو کارەی کاسرین ئەنجامی داوە راستە، یان هەڵەیە، بێگومان زۆر کەس بە کارێکی باشی دەبینن، بەڵام ئەوەی گرنگە ئازایەتیی ئەو ئافرەتەیە، چونکە ئەو کەسە کاردانەوەیەکی ئەخلاقیی دەبێت لەسەر بابەتێك کە ڕەنگە هەموو شتێك بگۆڕێت، تەنیا بۆ ئەوەی کە پێیوایە بۆ ڕزگار کردنی ژیانی خەڵك کارێکی باشی ئەنجام داوە.»

کیرا پێیوایە کە ئەوەی زیاتر سەرنجی بینەران رادەکێشێت ئەو پرسیارانەیە کە فیلمەکە دەیخاتە ڕوو، لەو بارەوە دەڵێ: «سزادانی حکوومی بە هۆی پێشێلکردنی یاساکان و یاساییبوونی ململانێکە و ئایا ئەم ململانێیانە چۆن دەبنە ململانێی نایاسایی و کێ لەسەری سزا دەدرێ، ئەم بابەتانە زۆر سەرنجی بینەر رادەکێشن».

بەڵام سەبارەت بە ژیانی تایبەتی خۆی ئاماژە بەوە دەکات کە ئێستا کچی نییە، بەڵام ئەگەر کچێکی هەبێت، ئامۆژگاریی دەکات کە لە کاری هونەری و بەتایبەتیش لە هونەری نواندن نزیك نەبێتە.

کیرا کە تا ئێستا هیچ منداڵیکی نییە، لەم بارەیەوە بۆ گۆڤاری (ئال)ی بەریتانی وتی: «ئەگەر کچێکم هەبێت و بزانم هەر لە تەمەنی منداڵییەوە دەیەوێ ڕوو لە نواندن بکات، ئەوا کار دەکەم بۆ ئەوەی پەشیمان بێتەوە و ڕوو




# جنیڤەر ئیکسپایەر نابێت

چەند ماڵپەڕێکی هەواڵی هونەری تایبەت بە ئەستێرە ناودارەکانی جیهان، لەسەر زاری کەسانی نزیك لە گۆرانیبێژ و ئەکتەری ناوداری جیهانی (جنیڤەر لۆپێز) بڵاویان کردەوە، جنیڤەر بە هیچ شێوەیەك بیر لە وازهێنانی لە هونەر و گۆرانیوتن ناکاتەوە و بڕیاریداوە تا ئەو کاتەی لە توانایدا هەبێت، بەردەوام دەبێت و بە گۆرانییەکانی هەوڵ دەدات دڵی جەماوەرەکەی خۆش بکات و، بۆ پێشکەشکردنی کۆنسێرت لەسەر شانۆ دەبێت.

لەم بارەیەوە ماڵپەڕی (کۆنتاکت میوزیك)ی بڵاوی کردەوە، جنێڤەر لە لێدوانێکیدا جەماوەرەکەی خۆیی دڵنیا کردۆتەوە کە تێپەڕبوونی تەمەن بە هیچ شێوەیەك نایخاتە ژێر کاریگەری و فشاری وازهێنان و دوورکەوتنەوە لە گۆرانی وتن، چونکە بڕیاریداوە ئەگەر پیریش ببێت تا ئەو کاتەی لە توانایدا هەیە لە گۆرانی وتن بەردەوام دەبێت.

جنێڤەر لۆپێز زیاتر دەڵێ: «تەنیا من نیم وەك ئافرەت کە ئەم بڕیارەم دابێت، منیش چەند گۆرانیبێژێك دەکەم بە نموونەی خۆم، زۆرن ئەوانەی تا تەمەنێکی درەنگ گۆرانییان وتووە، وەك ئاریسا فرانکلین تا تەمەنی ٧٢ ساڵ و دۆلی پارتۆن تا تەمەن ٦٨ ساڵی گۆرانییان گوت و بەردەوام بوون، ئەمانە ئەوە دەسەلمێنن کە ئافرەت کاڵا نییە تا مێژووی بەسەرچوونی هەبێت، بەڵکو ئافرەت دەتوانێت بەردەوام بێت و ئەوی بیەوێ پێشکەشی بکات، لە تەمەنی شەست، یان حەفتا ساڵیشدا بێت هەر دوتوانێت کۆڵ نەدات.



لەو کارە نەکات»، لەم بارەیەوە کیرا زیاتر وتی: «پێویستە کچان تەمەنی لاوێتییان لە کەشوهەوایەکی تایبەتدا بەڕێ بکەن، نەك لە نێو کەشێکی پڕ لە جەنجاڵی و زەحمەتی، چونکە ئەگەر کچ ببێت بە ئەکتەر، ناچارە شەوان دەربچێت و بەشێوەیەکی ناسرووشتی کۆنترۆڵی خۆی لەدەست بدات، ئەوکاتیش رووبەرووی چەند هەڵوێستی نالۆژیکی دەبێتەوە، بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی لە ژیانیدا تووشی هەڵەی زۆر ببێت، کە تا هەتایە کاریگەریی لەسەر ژیانی دەبێت.

جێگای ئاماژەبۆکردنە کیرا نایتلی کچی ئەکتەر (ویل نایتلییە) و هەر لە تەمەنی منداڵییەوە رووی لە کاری نواندن کردووە.



# کامیرۆن: ئارامی لە ژیانمدا کەم بۆتەوە

جگە لە رۆڵە جددییەکانی بەتایبەتی لە فیلمەکانی ئەکشن وەك (فریشتەکانی چارلی)، ئەستێرەی سینەمای ئەمریکی (کامیرۆن دیاز) لە فیلمە کۆمیدییەکانیش زۆر بە سەرکەوتوویی رۆڵەکانی بەرجەستە دەکات و بووەتە خاوەن جەماوەرێکی زۆر، بە هۆی ئەوەی کە زۆر بە جوانی ئەکشن و جوڵەی کۆمیدیا و پێکەنین تێکەڵ دەکات، جگە لەو فیلمانەی کە تەنیا ئەکشن، یان کۆمیدیان.

لە دیمانەیەکی رۆژنامەنووسیدا کامیرۆن باس لە چەند لایەنێکی تایبەتی ژیانی خۆی دەکات و بە ئاشکرا دەڵێ: «ژیان بەبێ منداڵ زۆر خۆشتر و ئاسانتر و ئارامترە»، ئەوەشی راگەیاند کە پێکنەهێنانی ژیانی هاوسەری و سەقامگیر بوون و ژیانی تەنیایی کارێکی ئاسان نییە و، رەنگە هەموو کەسێك نەتوانێت بە ئاسانی ئەمە ئەنجام بدات. هەرچەندە ئێستا کامیرۆن لە پەیوەندییەکی خۆشەویستیدایە لەگەڵ گۆرانیبێژی رۆك (بینجی مادن) کەچی مکوورە لەسەر ئەوەی پێکنەهێنانی خێزان بڕیارێکی ئاسان نییە، بەڵام بە هیچ شێوەیەك بیری لەوە نەکردۆتەوە منداڵی هەبێت و دەڵێ: «کارەکانم ئەوەندە زۆرن کە رێگە نادەن ببم بە دایك، چونکە ئەوەی دەبێتە دایك بەرپرسیاریەتی دەکەوێتە ئەستۆ و پێویستە کاتی خۆیی بۆ تەرخان بکات، منیش توانای هەڵگرتنی ئەو بەرپرسیاریەتییەم نییە.

کامیرۆن ئەوەشی نەشاردەوە کە ئێستا ژیانی خۆش و سادەیە، چونکە هیچ شتێکی نییە تا کاتێکی تایبەتی خۆی بۆ تەرخان بکات و گرنگی پێ بدات، یان لەبەردەم کارەکانی ببێتە ئاستەنگ.